کۆمەڵەی
شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کومه له
سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران

<u>پەیامی هاوڕێ عەبدوڵلای موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە</u>

# بەبۆنەی بیست و حەوتی رەشەمە، رۆژی گیان بەختکردووانی کۆمەڵە

**کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!**

**کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و پێشرەو!**

**تێکۆشەرانی رێگەی رزگاریی ئینسانی چەوساوە!**

**دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد!**

**بنەماڵەی بەرێزی گیان بەختکردووانی کۆمەڵە!**

ئەمرۆ بیست و حەوتی رەشەمە، رۆژی گیان بەختکردووانی کۆمەڵەیە. بەم بۆنەیەوە پێشەکی لەلایەن خۆم و کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و هەموو ئەندامان و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە شار و گوندەکانی کوردستان و هەموو پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە گەرمترین سڵاو و رێزی خۆم بۆ گیان پاکی هەموو ئەو تێکۆشەرانە دەنێرم کە لە ریزی کۆمەڵەدا گیانیان لە دەست دا و رێز و وەفای خۆمان بۆ بنەماڵە و کەس و کاری ئەو ئازیزانە دووپات دەکەمەوە.

بەرێزان! پازدە ساڵ پێش ئێستا لەوە پێش لە وەها رۆژێکدا دەیان کەس لە پێشمەرگە جەنگاوەر و شۆڕشگێڕەکانی گوردانی شوان لە کەناری ئاوی سیروان، لە حاڵێکدا کە جەستەیان بە گازی ژەهراویی رژیمی عێراق خەستە ببوو، کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی پاسدارانی رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران و قارەمانانە ئاخرین داستانی سەروەریی خۆیان تۆمار کرد. جێگەی خۆیەتی کە لە بۆنەیەکی وەکوو ئەمرۆدا جارێکی دیکەش یادی هاوڕێیانی گیان بەختکردووی گوردانی شوان بەرز راگرین و سەری رێز بۆ ئەو هەڵۆیانە دانەوێنین کە ئێستاش شاخ و شاری کوردستان داستانی قارەمانەتی و خۆڕاگری و سەرکەوتنی بروسکەئاسای ئەوانی لە یادە.

بەڵام رۆژی بیست و حەوتی رەشەمە بەتەنیا هەر رۆژی رێز گرتن و یاد کرنەوەی قارەمانانی گیان بەختکردووی گوردانی شوان نییە، بەڵکوو لە ساڵی پارەکەوە لەسەر داخوازی دۆستانێکی زۆر و بڕیاری دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە ئەو رۆژە وەکوو رۆژی هەموو شەهیدانی کۆمەڵە دیاری کراوە و رێزی لێدەگیرێ. رۆژی بیست و حەوتی رەشەمە رۆژی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی بیست و پینج ساڵی رابوردوودا لە مەیدانی نەبەردی پێشمەرگانە بەدژی پارێزەرانی دیکتاتۆریی رەشی کۆماری ئیسلامی یان لە بەندیخانە و

سیاچاڵەکانی ئەو رژیمە جەللادەدا یان بەگشتی لەپێناو هەر مەئموورییەتێکی شۆڕشگێڕانەدا بەهەر شێوەیەك گیانی ئازیزیان بەخت کردووە.

لەم رۆژەدا جێی خۆیەتی رێز و پێزانینی بێپایانی خۆمان بۆ هەموو ئەو هاوسەنگەرە لەدەست چووانە دووپات بکەینەوە، جێی خۆیەتی بەڵێن تازە بکەینەوە کە کۆمەڵە سوورتر و جەسوورتر لە هەمیشە ئاوات و ئامانج و رێبازی ئەو ئازیزانە درێژە پێدەدا. لەم رۆژەدا بەتایبەتی سڵاو و رێز دەنێرم بۆ دایکان و باوکانی ئەو ئازیزانە، بۆ خوشك و براکانیان، بۆ کەس و کار و خۆشەویستانیان و پەیمانی رێز و وەفایان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە، درود دەنێرین بۆ دڵە گەورەکەی دایکانی ئەو شەهیدانە کە ساڵەهای ساڵە بەدڵی بریندار بەڵام بە سەری بەرز و رووی خۆشەوە خۆڕاگرانە توانیویانە دەرسی قارەمانەتی بە نەسلی تازەی تێکۆشەرانی کوردستان بدەن. هەروەها زۆرێك لەو ئازیزە گیان بەختکردووانە ئەولادیان لەپاش بەجێ ماوە، ئەوانە ئێستا کوڕان و کچانی پێگەیشتووی کوردستانن، هەر لێرەوە سڵاو و رێزیان بۆ دەنێرم، چاوەکانیان ماچ دەکەم و ئاوات و ئارەزووی سەرکەوتنیان لە ژیاندا بۆ دەخوازم. سڵاویش دەنێرم بۆ ئەو هاوسەنگەرانەی کە خۆشبەختانە لە ژیاندا ماون و ماندوویی نەناسانە لە هەموو بوارەکاندا، لە کار و چالاکیی نهێنی‌دا، لەنێو کرێکاران، لەناو بنەماڵەکان، لە خوێندنگاکان، لە گەڕەکە هەژارنشینەکان، لە دنیای پێشمەرگایەتی یان لە هەر شوێنێك و لە هەر جێیەك هەن، رێبازی ئازیزانی گیان بەختکردووی کۆمەڵە درێژە پێدەدەن.

رۆژی بیست و حەوتی رەشەمە، رۆژی یەکگرتنەوە و هاوسۆزیی بنەماڵەی گەورەی کۆمەڵەیە بە بەرینایی کوردستان، رۆژی یاد کردنەوە و پەیمان تازە کردنەوەیە لەگەڵ رێبازی ئەوانەی کە نموونەی ورەی بەرز و ئیرادەی پۆڵایین بوون، هەر بۆیەش ئەو رۆژە رۆژی خەفەت و ماتەمین نییە، رۆژی نواندنی ورەی بەرز و ئیرادەی پۆڵایینە، رۆژێکە بۆ ئەوەی دەرسی دڵگەورەیی و خۆڕاگری و هیوا بە دوارۆژی روون بە نەسلی لاو و تازە پێگەیشتوو بدرێ و رۆژێکیشە کە تێیدا مۆری سەرشۆری و ریسوایی و بەزیوی بە نێوچاوانی دوژمنەوە بنرێ.

خۆشەویستانم ! رەنگە لە ساڵانی رابوردوودا ئەو پەیوەندەی کە پێویستە لەنێوان ئێمە و بنەماڵەی ئازیزی گیان بەختکردوواندا بەرقەرار نەبووبێ، رەنگە ئەو جۆرەی هەقی خۆیەی لێپرسینەوەیان لێنەکرابێت و بەسەر نەکرابێتنەوە. بەداخەوە دیکتاتۆریی رەشی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرەڕای زەعیف بوون و پاشەکشە کردنی لە ساڵانی رابوردوودا، هێشتا باڵی رەشی لەسەر کۆمەڵگای ئێران و کوردستان لانەبردووە و هێشتا دەرفەتی ئەوە فەراهەم نەبووە ئەو جۆرەی بەدڵی خۆمانە لەگەڵ بنەماڵەی ئەو ئازیزانە تێکەڵاوی و نزیکایەتی و لەیەکتر پرسینەوە دامەزرێنین. من لێرەوە لەلایەن خۆم و هەموو کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە ئەگەر کەم و کوورییەك لەم بارەیەوە بووبێ، داوای لێبوردن لە هەموو بنەماڵەی خۆشەویستی شەهیدانی کۆمەڵە دەکەم.

دایکانی ئازیز! ئەی ئەو کەسانەی بەدڵی گەورەی خۆتان، خەمی گەورەتان هەڵگرت و دەرسی خۆڕاگریتان بە گشتمان دا، ئەم قسانەی من وا وەر بگرن کە ئێستا هاتووم و دەرگای یەکەیەکەی ئێوەم کوتاوە، وا بزانن هاتوومەتە بەر دەرگای هەمووتان بۆ دەست ماچ کردن، بۆ ئەوەی سەری رێز و ستایشی خۆم بۆ هەموو ئێوە دانەوێنم و جارێکی دیکە رێز و خۆشەویستی هەموومان بە ئێوە رابگەیەنم، هەروەها هاتووم بۆ داوای لێبوردن، ئەگەر کۆتاییەك بووبێت. داواتان لێدەکەم ئەم وتانەی ئەمرۆی من بە سەردانێك بۆ ماڵی

گشت لایەك وەربگرن. بەراستی ڕێبازی ڕۆڵەكانی ئێوە لەلای ئێمە فەرامۆش نەكراوە، خوێنیان بەفیڕۆ نەچووە، هەرچی دەسكەوتی سیاسی و كۆمەڵایەتی كە كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران هەیەتی، بەرهەمی تێكۆشانی ڕۆڵەكانی ئێوەیە، بەرهەمی ئەرك و ماندوو بوونی هەموو ئەو تێكۆشەرانەیە كە لە ساڵەهای ساڵ لەوە پێشەوە لە بووارە جیاجیاكانی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەدا هەوڵیان داوە و بەشێك لەوانە بەداخەوە گیانیان بەخت كردووە.

هەر وەكوو هەمووتان شاهیدن، كۆمەڵە لە دەوری تازەی هەڵسووڕانی خۆیدا هیوا و هومێدێكی گەورەی بە هەموو خەڵكی كوردستان، بە هاوسەنگەرانی دێرین، بە بنەماڵەی گیان بەخت كردووان و بە نەسلی تازەی خەباتكار بەخشیوە. دڵنیاش بن ڕژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران ڕوو لە كزی و ڕوو لە پاشەكشەیە و ڕۆژی بەیەك گەیشتنەوە و بەیەك شاد بوونەوەمان دوور نییە. هەر بۆیەش داواتان لێدەكەم هەروا بە دڵی گەورە و سەری بەرزەوە بەرەنگاری دوژمن ببنەوە و هیوای سەركەوتن بە هەمووان ببەخشن. داواش لە هاوڕێیانی كۆمەڵەش دەكەم كە لە هەر كوێیەك هەن لەم ڕۆژانەدا سەردانی بنەماڵەی گیان بەختكردووان بكەن، لێیان بپرسن، بەخەمیانەوە بن و بەتەنیا مەیان هێڵنەوە.

لە كۆتاییدا جارێكی دیكە هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاكی گیان بەختكردووانی كۆمەڵە و هەر وەها سڵاو و ڕێزی خۆمان دەنێرین بۆ بنەماڵە و كەس و كار و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی ئەو ئازیزانەی لەپێناو ئاوات و ئامانجە گەورەكانی كۆمەڵەدا گیانیان بەخت كرد. لەم فرسەتەش كەڵك وەردەگرم و هەروەها سڵاو و ڕێز دەنێرم بۆ بنەماڵەی هەموو شەهیدانی كوردستان، ئەوانەی بە هەرشێوەیەك و لە ژێر هەر ناونیشانێكدا لە ڕێگای دیفاع لە خەڵكی ستەمدیدەی كوردستان گیانیان بەخت كردووە.

هەر شاد و سەركەوتوو بن.


www.komala.org
email: komala1348@hotmail.com

شماره تلفن های نمایندگی کومه له در شهر سلیمانیه کردستان عرق

تلفن : 3124711

موبایل: 00447077537465